# پەرلەمانو چاوەڕوانی مەترسییەکی نوێ!

**شوان حەمە.نەرویج**

تا ئێستا پەرلەمانی کوردستان بە فەرمی ڕاینەگەیاندووە کە سەرۆکی هەرێم پرۆژەی یاسای ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان ڕەتکردووەتەوە، یان کەی پەرلەمان بە یاساکەدا دەچێتەوە! ئەم بێدەنگییەش جارێکی تر ئاماژە ترسناکەکانی مەترسییەکی ترمان بە بیردا دێنێت کە دووبارەو دوور لە داخوازی ڕۆژنامەنووسانو خوێنەرانو هاوڵاتیان، یاساکە دابڕێژرێتەوەو پەسەند بکرێت.
لە تەواوی وڵاتە دیموکراتیەکانی جیهاندا پەرلەمانتار کادری پلە یەکی پارتی دیاریکراوە، واتە هەر لە کەسی یەکەمی پارتەکەوە تا جێگرو ئەندامە پلە بەرزەکانی ئەو پارتە دەبنە ئەندامی پەرلەمان . هەر پەرلەمانە تاوتوێی بودجە دەکاتو هەر پەرلەمان لێپرسینەوە لەگەڵ سەرۆکو سەرۆکی وەزیرانو تەنانەت هەر ئەندامێکی خۆیشی دەکات لە کاتی پێویستدا. هەمووانیش دەزانن لە هەر کۆمەڵگەیەک ڕۆژنامەنوسان قسەی باش بۆ دەسەڵات بکەن، کەسە باشەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لە زینداندان.
بەداخەوە لە کوردستان بێجگە لەوەی پەرلەمانتاری سەربەخۆمان نییە، زۆربەی پەرلەمانتارەکان کادری پلە پێنجو پلە شەشی حیزبەکانن. تا ئێستا پلەی خوێندنی بەشێک لە پەرلەمانتارەکان ئاشکرا نییە! چەندینی تریشیان زمانی عەرەبی نازانن، ئەمە لە کاتێکدایە کە یاساکان تا ئێستا بە داخەوە بە زمانی عەرەبی دەخوێنرێتەوەو دادەڕێژرێت. خۆ ئەگەر هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بخوازن، ئەوا ئەم ئەندامە بەڕێزانە بە موو لە هێڵی دیاریکراو لانادەن.
هەموو ئەم لێکنەچوونە نارێکانە وامان لێدەکەن بڕوابێنین کە ئێمە پەرلەمانێکی تەندروستمان نی‌یە، بەڵکو پەرلەمانێکمان هەیە لە دەرەوەی پێناسەو عورفە دیموکراتیەکانی جیهان پێکهاتووە. پەرلەمانێک مەیلی ئاوڕدانەوەی کۆنسەرڤاتیڤانەی هێندە بەهێزە، بۆی گرنگ نییە ناوی هەرێمی کوردستان بگەیەنێتە لیستی ڕەشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو ڕێکخراوە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ سەبارەت بە ئازادی ڕۆژنامەوانی لە دونیادا. پەرلەمانێک هەوڵئەدات ناوی هەرێمی کوردستان بخاتە ریزی ناوەکانی تونسو ڕوسیای سپی!
لێرەوە بە مافی خۆمانی دەزانین داوای دەست لەکارکێشانەوەی ئەو پەرلەمانتارانە بکەین کە پێبزانن یان نا، هەوڵئەدەن هەرێمی کوردستان لە وێنەیەکی ڕەشو ناشریندا پێشانی جیهان بدەن، مافی خۆمانە بڵێین بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ئێوە لە ئاستی متمانەی خەڵکی هەرێمدا نەبوون.

پاش ئەوەی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ئاشکرا بە دەنگی بەرز بڕیارەکەی پەرلەمانیان ڕەتکردەوەو وەک ڕێگەیەکی دەستووری داوایان لە سەرۆکی هەرێم کرد یاساکە ئیمزا نەکات، لە دەرەوەی کوردستانیش چەندین هەوڵی دڵسۆزانە درا بۆ ڕاگرتنی بڕیارەکە. هەر بۆیە لە وڵاتانی دوونیاوە پەیوەندی کرا بە چەندین کەسایەتی ڕۆشنبیریو ئەکادیمیو سیاسی.. هەروەها پەیوندیکردن بە ئەمنێستیو ڕێکخراوی قەڵەمو ڕێکخراوەکانی ڕۆژنامەنووسانو چەندین ڕێکخراوی تر لە وڵاتەکانی ئەمریکا، ئوسترالیا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، هۆڵەندا، سویسرا، دانمارک، سویدو نەرویج، هەموو ئەم هەوڵە خۆبەخشانە وەک پەرچەکردارێکی ئاسایی دژی بڕیارەکەی پەرلەمان کەوتە گەڕ. بەڵام بە هۆی بڵاوبوونەوەی هەواڵی ڕاگرتنی بڕیارەکە لە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، زۆربەی ئەم هەوڵانە

ڕاگیرا بەو هیوایەی لە داهاتوویەکی نزیکدا هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی یاسایەکی مۆدێرنی ڕۆژنامەوانی.

ئەمڕۆ کوردستان لە هەمووکات زیاتر پێویستی بە پەرلەمانتارانێک هەیە کە توانای دیالۆگیان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی هەرێمەکە هەبێت. توانای هاوکاریکردنیان هەبێت لە درووستکردنی کلتورێکی هابەش لەسەر بناغەی بیروڕای جیاواز. هەمانکات توانای تاووتوێکردنو پێناسەکردنێکی مۆدێرنانەی بڕگەکانی یاساکە هەبێت بەر لەدەنگدان، بەتایبەت پێناسەکردنی تەواوو وردی دەستەواژەی "ئاسایشی نەتەوەیی". گەر وا نەبێت.. وە لە حاڵێکدا ئەم مەیلە بەهێزە کۆنخوازە لە پەرلەماندایە یاساکە دابڕێژێتەوە، هەر دەبێت چاوەڕوانی مەترسییەکی نوێ بکەین.